# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...**ژمارە** 243 **یەکشەممە**11- 07- 2010


## ئۆجەلان: هەولێر لە برۆکسل و واشنتن گرنگترە!

عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دیداری هەفتەی رابردوو لەگەڵ پارێزەرەکانیدا سەبارەت بە کردنەوەی نووسینگەی پارتی ئاشتی و دیموکراتی لە شاری هەولێر گوتویەتی: ' برۆکسل و وانشنتن گرنگن، بەڵام هەولێر لەوان گرنگترە'

ئۆجەلان دەربارەی کردنەوەی نووسینگەی پارتی ئاشتی و دیموکراتی لە شاری هەولێر رایگەیاندوە: ئەوێ ناوچەیەکی پڕ جولەیە، ئەوانەی ئەوێ مرۆڤی خۆمانن، نوێنەری زیاتر لە پێنج سەد کۆمپانیا لەوێ هەن، نەبوونی نووسینگەیBDP لە هەولێر کێماسیە'

# باشبۆغ هەڕەشە لە کورد دەکات و دەمیرتاش وەڵامی دەداتەوە

سەرفەرماندەیی سوپای تورک، ئیلکەر باشبۆغ کە دوای مانگێکی دیکە خانەنشین دەکرێ، شەوی8ی ئەم مانگە لەسەر تەلەفزیۆن نزیکەی سێ سەعات قسەی کردو سەبارەت بە رەوشی سیاسی دوا. لە رۆژانی دواترد ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارو رۆژنامەوان و رۆشنبیری تورکیا رەخنەیان لە قسەو بۆچوونەکانی باشبۆغ گرت، بەڵام چونکە راستەوخۆ هەڕەشەی لە دەستەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی گرتبوو، لەلایەن سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی BDP بە توندی وەڵامی درایەوە.

باشبۆغ بەهۆی ئەوەی کە پەرلەمانتارانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی بەشداریان لە پرسەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا کردبوو، ئەوانی کردە ئامانج و هێرشی کردە سەریان.

رۆژی 9-7-2010 بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراتی لە قسەکانی خۆیدا لە نێو پەرلەمانی تورکیادا سەرنجی سەردۆزگەری تورکیای بۆ ئەو پرسە راکێشاو رایگەیاند: 'ئەگەر شتێک بەسەر پەرلەمانتارانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی بێت ئیلکەر باشبۆغ بەرپرسیارە، هەروەها داخوازی لە رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکوەزیرانی تورکیا کرد کە بەهۆی ئەو بۆچونانەیەوە پێویستە باشبۆغ لە پۆستەکەی دوور بخرێتەوە'

باشبۆغ لە قسەکانی خۆیدا رووی هەڕەشەی لە دەستەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کردبو، گوتبووی: 'ئیدی ئێمە لە شوێنی دواین گوتن داین' ئەو سەبارەت بەو پرسە گوتبووی: ' بیست و شەش ساڵە دەوڵەت لە باکوری عێراق دا نیە، لەو ساڵانەی دواییدا حکومەتی ناوەندی دەست بەکار بووە، ئیتر نابێ رێی هەندێک رێکخستنی تیرۆریست بدات کە خاکی ئەوان داگیر بکات، بۆ دەستەڵاتدارانی باکوری عێراق ئەنجامی کاریگەر ناگرێ، ئایا ئەو تیرۆریستانە لە کوێ خۆراک پەیدا دەکەن؟! وەزارەتی دەرەوە قسەی خۆی کردوە، ئێستا ئێمە لە شوێنی دواین داین. لە مانگەکانی دواییدا چەند سەربازێکمان کوژران، بەو هۆیەوە ئەوانەی بەرپرسیارەتیان هەیە لە باکوری عێراق ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. کاتی ئەوە هاتووەو تێپەڕیش بووە. بوونی پەکەکە لە باکوری عێراق کاریگەری خراپ لە سەر پەیوەندی تورکیاو عێراق،تورکیاوئەمریکا دادەنێ.



## جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورۆپا دەخوازێ موجاهیدین لە لیستی تیرۆر دەربهێندرێ

ئالیخۆ ڤیدال کوادراس، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورۆپا لە نووسینێکدا کە رۆژی 4ی تەمموز لە گۆڤاری ئەپوکای چاپی ئیسپانیادا بڵاوکراوەتەوە، داوای لە هیلاری کلنتن وەزیری دەرەوەی ئەمیرکا کردوە کە ناوی رێکخراوی موجاهیدینی خەلکی ئێران لە ناو لیستی رێکخراوە تیرۆریستیەکان دەربهێندرێ!

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورۆپا دەڵێ: بەستنی دەستی گەورەترین هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەپێچەوانەی بەرژەوەندی ئەمریکاو دیموکراسیخوازی رۆژئاوایە.

ئالیخۆ ڤیدال کوادراس نوسیویەتی: ' ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرگری پشتیوانی 351 پەرلەمانتاری لە نیو 31 پەرلەمانی وڵاتی جیهانی بە دەست هێناوە، لەوانە: ئەمریکا، کانادا، فەرانسە، بەریتانیا، ئیتالیا، هۆلەنداو چەندین وڵاتی دیکە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورۆپا لە نووسینەکەیدا گوتویەتی: 'بۆ راوەستاندنی رژێمی ئێران لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی تەنیا رێی راست ئەوەیە کە پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنێکی دیموکراتی بکرێ.

## عەرەب چاوشارکێی سەرکۆماری لەگەڵ کورد دا دەکەن

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیە بە رۆژنامەی حەیاتی راگەیاندوە کە ئەوان پۆستی سەرکۆماری بە پشکی کورد دادەنین و چاویان لە وەرگرتنی ئەو پۆستەدا نیە، کەچی سالح موتلەگ دەڵێ کە ئەو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کاندیدکراوە، بەڵام ئیئتلافی نیشتمانی عێراقی و حزبی فەزیەلە راشکاوانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە رێزدار تاڵەبانی شیاوترین کەسە بۆ وەگرتنی پۆستی سەرکۆماری.

دوای هاتنی جۆ بایدن بۆ عێراق دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە داوا لە کورد کراوە واز لە پۆستی سەرکۆماری بهێنێ و سەرۆکایەتی پەرلەمان وەربگرێ، بەڵام سەرچاوەیێکی ئاگادار ئەو دەنگۆیەی رەت کردووەو جەختی کردەوە کە ئەمریکیەکان بەباشی دەزانن کە رێزدار تاڵەبانی لە پۆستی سەرکۆماریدا بمێنێتەوە.

ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا تا ئێستا وەڵامی ئەلعێراقیەی نەداوەتەوە کە پێشنیارکرابوو عەلاوی بۆ سەرۆکی وەزیران و مالکی بۆ سەرکۆماری. سەرچاوەیەک لەو بارەیەوە جەختی کردەوە کە نابی هەردوو پۆستەکە بۆ شیعە بن و کوردیش بە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان رازی نابێ.

## رۆژەڤ

کێبەرکێی نێوان ئەیاد عەلاوی و نوری مالکی لەسەر مسۆگەرکردنی پۆستی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی داهاتوو هاوکێشەی سیاسی عێراقی لاسەنگ کردوە. بەوهۆیەشەوە تاوەکو ئێستا کۆدەنگی لەسەر کەسێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران نەبوە، پرۆسەی سیاسیش لە جێی خۆیدا چەقیوە. بەوهۆیەوە وڵاتانی دراوسێ، ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپای نیگەرانن. هاتنی جۆ بایدن، جێگری سەرکۆماری ئەمریکا بۆ بەغداد، دیدارو کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی دا، پێشانی دا کە ئەمریکا خۆی بە خەمخۆر دەزانێ و خۆی بەلایەنێکی کێشەو گرفتەکانی نێوخۆی عێراق دادەنێ.

ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی کە لایەنێکی گرنگی پەرلەمانی عێراق پێکدەهێنێ و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات، لە دانوستاندنی چڕوپڕدایەو بەردەوام لەگەڵ ئیئتلافی ئەلعێراقیە و ئیئتلافی دەوڵەتی یاساو نیشتمانی عێراقیدا کۆدەبێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە کە ئایا کامەیان لەپێشتر دادەنێ و لەگەڵ کامەیان رێکدەکەوێ؟!

وێڕای ئەوەی کە ئەمریکا و ئەورووپا پشتیوانی لە ئەیاد عەلاوی دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئیئتلافی ئەلعێراقیە سەرسەختانە دژایەتی لەگەڵ داخوازیەکانی گەلی کوردستان دەکات، بەهۆی ئەوەی کە تا ئیستاش زۆرێک لە ئەندامانی ئەو ئیئتلافە دژی جیبەجێکردنی ماددەی 140 دەستوورن و پێیانوایە کە میکانیزمی جێبەجێکردنی کۆتایی هاتووە، ئیدی دەبێ ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی بێ دوو دڵی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتلافی شیعەکان پێکبهێنێ، چونکە ئەوان هاوسەنگترن و بە ئەندازەی سوننەکان کێشەو گرفتیان لە جێناکۆکەکاندا لەگەڵ کورددانیە و پۆستی سەرکۆماریش بەمافی کورد پەسند دەکەن.


کەسێکی فاشل رمل لێدەداو درۆ دەهۆنێتەوە

بۆلاپەڕە 3

لاوان لەدەست بێکاری هەراسان دەبن

بۆلاپەڕە 4

ململانێی بەهاو بنەماکان لەنێوان فەیلەسوف و پاشاکاندا

بۆلاپەڕە 5

خۆکوژی گەنجان و بەرپرسیارێتی دەستەڵات

بۆلاپەڕە 6

یەک نێرگەلە دوو لیتر دووکەڵی ژەهراوی دەدا

بۆلاپەڕە 7